# ڤاڵانتاین و جەژنی خۆشەویستی لە دیدی شەرعدا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

تاریق مەلا تاهیر بەحرکەیی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١١ - ١٤٣٢

IslamHouse.com

# ﴿ فالانتايين وعيد الحب من منظور شرعي ﴾

« باللغة الكردية »

طارق ملا طاهر بَحركَي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ڤاڵانتاین و جەژنی خۆشەویستی لە دیدی شەرعدا

لەکات و ساتێکدا کە جیهانی ڕۆژئاوا بە خۆشحاڵیەوە دەرواننە جەژنی خۆشەویستی و ئاهەنگ دەگێڕن بەم بۆنەوە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبیەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تووڕەبوون و نارەزایی و خۆنیشاندان لە دژی گەندەڵی و ستەم و سیستەمی وڵات و سەرۆکی وڵات ڕوو لە زیادبووندایە، داوای ئازادی و مافەکانیان دەکەن، بۆیە هیوادارین هەموو گەلانی چەوساوە و ستەمدیدە بە مافە ڕەواکانیان شادبن و ڕزگاربن لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتدا.

سەرەتا بەباشی دەزانم هەندێك باسی خۆشەویستی بکەم بە مانا فراوانەکەی، ئینجا بێینە سەر ڤاڵانتاین.کەواتە: ئەم بابەتە دەکەینە دوو خاڵ:

خاڵی یەکەم: خۆشەویستی بە مانا فراوانەکەی

خاڵی دووەم: ڕۆژی ڤاڵانتاین و مێژووی سەرهەڵدانی

## خاڵی یەکەم: خۆشەویستی بە مانا فراوانەکەی

لە ڕاستیدا وشەی خۆشەویستی بە مانا فراوانەکەیدا واتایەکی پیرۆزی هەیە، کۆمەڵگاکان لە ژێر سایەیدا دەحەسێنەوە و بە بەختەوەری دەژین، خێزانەکان بە هێمنی و بە ئاسوودەیی دەژین، دەوڵەتان دەستی برایەتی و هاوکاری بۆ یەکتری درێژ دەکەن و خاك و نیشتمانی یەکتری داگیر ناکەن، کاربەدەستان بەرامبەر گەلەکانیان دادپەروەر و نەرم و نیان دەبن و نایان چەوسێننەوە و بە ئاگرو ئاسن حوکم ناکەن...

هەندێك لە گەنجەکانی ئەمڕۆ کە باسی خۆشەویستی دەکەی، یەکسەر بیرو خەیاڵی دەڕوا بۆ خۆشەویستی نێوان کورو کچ، واتا: بازنەی خۆشەویستیان تەسك کردۆتەوە، خۆشەویستی زۆر جۆری هەیە، تەنها یەك جۆر نیە:

## یەکەم: خۆشەویستی خودا

ئەم جۆرە خۆشەویستیە بەرزترین و گەورەترین جۆری خۆشەویستیە، مرۆڤ دەبێ خوای گەورەی لە هەموو کەسێك خۆشتر بوێ، وەکو خودا دەفەرموێ: {وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ} البقرة: ١٦٥، واتە: هەندێ لە خەڵك هەیە هاوبەش بۆ خودا پەیدا دەکەن و بەقەد خودا خۆشیان دەوێن، بەڵام ئەوانەی خاوەن بروان خودایان لە هەموو کەس خۆشتر دەوێ.

خۆشویستنی خودا قسەی سەر زمان نیە، دەبێ ئەم خۆشویستنە رەنگ بداتەوە لە ژیانی رۆژانەماندا و خۆمان دوور بگرین لە خراپەو تاوان، ئیمامی شافیعی ((رەحمەتی خودای لەسەر بێ)) دەفەرموێ:

تعصي الإلـه وأنت تظهـر حبه　　هذا محال في القياس بديـع

لـو كـان حبـك صـادقاً لأطعتــه　　إن المحب لمن يحب مطيــع

في كل يومٍ يبتديك بنعمةٍ منه　　وأنـت لشــكر ذاك مـضيــــــع

واتە: سەرپێچی خودا دەکەی و دەشڵێی خودام خۆشدەوێ، ئەوە شتێکی مەحاڵەو نابێ، ئەگەر خۆشەویستیەکەت راست بێ، بەقسەی دەکەی، چونکە یەکێك یەکێکی خۆشبوێ بە قسەی دەکا، هەموو رۆژێك خوای گەورە چاکە و بەهرەت لەگەڵ دەکا، کەچی تۆ سوپاسی ئەو چاکانە ناکەی.

بەڵێ / خۆشویستنی خودا سەرچاوەی یەکەمە بۆ کەسێك کە بیەوێ ئەم سۆزو خۆشەویستیە لە جێگای خۆیدا بەکار بێنێ.

## دووەم: خۆشویستنی پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت))

لە دوای خوای گەورە دەبێ  پێغەمبەرمان ((دروی خوای لەسەر بێت)) لە هەموو کەس خۆشتر بوێ، ئەو پێغەمبەرەی کە خودا هەڵی بژارد بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی لە هەموو خراپەکاریەك و زۆرداریەك، پێغەمبەر ((دروی خوای لەسەر بێت)) دەفەرموێ: ((ثلاث من كن فيه وجد حلاوة الإيمان : أن يكون الله ورسوله أحب إليه مما سواهما ، وأن يحب المرء لا يحبه إلا لله ، وأن يكره أن يعود في الكفر كما يكره أن يقذف في النار)){متفق عليه}. واتە: سێ خاسیەت هەنە، هەر کەسێك ئەم خاسیەتانەی هەبێ، تامی بروا دەکا، یەکەم: خودا و پێغەمبەری لە هەموو کەس خۆشتر بوێ، دووەم: ئەگەر یەکێکی خۆشویست تەنها لەبەر خودا خۆشی بوێ، سێ یەم: زۆری

پێناخۆشبێ بگەڕێتەوە سەر بێباوەڕی لە دوای ئەوەی کە خودا ڕزگاری کردووە، هەروەکو پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگر.

هەروەها دەفەرموێ: ((لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده وولده والناس أجمعين)){متفق عليه}. واتە: کەسێك لە ئێوە بڕوای تەواو نیە، تا منی لە کوڕی و باوکی و هەموو خەڵکی خۆشتر نەوێ.

### سێ یەم: خۆشویستنی بڕواداران

ئەم جۆرەش بەوەی دەبێت کە یەکێکت خۆش ویست لە پێناو خودا بێت، لە ڕۆژی دوایی وەکو لە فەرموودەی پێغەمبەردا ((دروی خوای لەسەر بێت)) لەو حەوت کەسانەی کە لە ژێر سێبەری خودا کۆدەکرێنەوە ((ورجلان تحابا في الله اجتمعا عليه وتفرقا عليه)){متفق عليه}. وە ئەوەی بۆ خۆت پێخۆشە ئەوەشت بۆ برایەکەت پێخۆش بێت، هەروەکو پێغەمبەر ((دروی خوای لەسەر بێت)) دەفەرموێ: ((لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه)){متفق عليه}.

هەروەها مافەکانی یەکتری جێبەجێ بکەین.

### چوارەم: خۆشویستنی دایك باوك

مرۆڤ دەبێ دایك و باوکی خۆش بوێت و ڕێزیان بگرێت و هەمیشە چاکەیان بەرامبەردا بکات، دیارە زۆر دەق هەنە لەم بوارەدا و زۆربەمان گوێ بیستی بووینە.

### پێنجەم: خۆشویستنی دایك و باوك بۆ منداڵەکانیان

دایك و باوك دەبێت منداڵەکانیان خۆش بوێت و ڕێزیان بگرن، ئینجا دادپەروەری بکەن لە نێوانیاندا و جیاوازی نەکەن، هەر کاتێك دادپەروەر نەبن و جیاوازی بکەن لە نێوان منداڵەکانیان، ئەوە ئەو خێزانە دووبەرەکی و ئاژاوە لە ناویان بڵاو دەبێتەوە و بەرەو ئاقارێکی ترسناکدا دەڕۆن.

### شەشەم: خۆشویستنی خێزان

لێرەدا مەبەستم خۆشویستنی ژنە بۆ مێردەکەی و خۆشویستنی پیاوە بۆ ژنەکەی، بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی و کامەرانی و بەختەوەری بژین دەبێ یەکتریان خۆش بوێت و ڕێزی یەکتر بگرن و بەبەزەیی بن بەرامبەر یەکدا.

وە پێغەمبەر ((دروی خوای لەسەر بێت)) خاتوو (خەدیجە) ((ڕەزای خودای لێبێت)) دایکی بڕواداارانی خۆشویستووە، خۆشەویستیەکی وا لە دوای مردنیشی وازی

لێنەهێناوە، بۆیە هەر کاتێك مەڕێك یان بزنێکی سەر بڕیبا، دەیفەرموو: بانگی خزمەکانی خەدیجە بکەن، ئینجا خاتوو (عائیشە) ((ڕەزای خودای لێبێت)) کە فەرموودەکەی دەگێڕتەوە دەڵێ: ڕۆژێکیان پێغەمبەرم توورە کرد گوتم: خەدیجە؟ فەرمووی: (( إنی قد رُزِقتُ حبَّها ))( رواه مسلم ١٨٨٨/٤ )، واتە: لە ڕاستیدا من خۆشەویستی (خەدیجەم) پێدراوە.

وە هەرکاتێك پێغەمبەر گوێی لە دەنگی (هالە) ی کچی (خووەیلد) بایە دڵی پێ خۆشدەبوو، چونکە دەنگی بە خوشکی (خەدیجە) دەچوو، بۆیە دەیفەرموو: (( اللهمَّ هالة بنت خويلد ))( رواه مسلم ١٨٨٩/٤)، واتە: ئەی خودایە ئەوە (هالە) ی کچی (خووەیلد) ە.

### حەوتەم: خۆشویستنی خاك و نیشتمان

مرۆڤی موسڵمان پێویستە خاك و نیشتمانی خۆی خۆش بوێت و بەرگری لێ بکات، ئەو خاکەی کە لە سەریدا دەژی و باب و باپیرانت لە سەری ژیاون،

ئینجا ئەم جۆرە خۆشەویستیانە نابێ لە سنووری خۆی دەربچێت و وەکو بتێك بپەرسترێت، چونکە وەکو لەسەرەتادا باسمان کرد مرۆڤی موسڵمان دەبێ خوا و پێغەمبەری لە هەموو کەس خۆشتر بوێ.

بەڵێ: ئەمانە هەمووی خۆشەویستین، کەواتە بازنەی خۆشەویستی فراوانە و تەنها خۆشەویستی کورو کچ نیە.

### خاڵی دووەم: ڕۆژی ڤاڵانتاین و مێژووی سەرهەڵدانی

ڕۆژی ڤاڵانتاین یان جەژنی ڤاڵانتاین، هەموو ساڵێك لە چواردەی مانگی شوبات بە ملیۆنەها کەس لە جیهان ئاهەنگ دەگێڕن و دیاری دەگۆڕنەوە و شیرنەمەنی دابەش دەکەن و گوڵی سوور ئالوگۆڕ دەکەن بەناوی (ڤاڵانتاین)، جا دەبێ چەژنی خۆشەویستی لە کوێوە سەرچاوەی گرتبێت و بۆچی هاتۆتە ناو موسڵمانان.

مێژووی ئەو ڕۆژە دیار نیە، بەڵام هەموویان دەزانن کە مانگی شوبات مانگی خۆشەویستیە، ڕۆژی خۆشەویستی وەکو ئێستا دەزانین پێك دێت لە چەند داب و نەریتێکی مەسیحی و ڕۆمانی کۆن.

جا دەبێ ڤاڵانتاین کێ بێت و چۆن ئەم داب و نەریتە لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە؟

کڵێسای کاسۆلیکی دان بەوەدا دەنێن بەلایەنی کەم کەوا سێ قەشە هەبوونە بەناوی (ڤاڵانتاین یان ڤاڵانتینۆ) هەر هەموویان کوژراون.

ئینجا ڤاڵانتاین زۆر قسە و باسی لەسەرە، یەك لە ئەفسانەکان دەڵێ: کەوا ڤاڵانتاین قەشەیەك بووە خزمەتی کردووە لە سەدەی سێ یەم لە رۆما، لەو کاتەی کە ئیمبراتۆر (کلۆدیوس) فەرمانی هاوسەرگیری قەدەغەکردبوو لە گەنجەکان، ئەوانەی کە یەکتریان خۆش دەوێ، بە هەنجەتی ئەوەی ئەو گەنجانە بێنە ریزی سوپاوە باشترە لەوەی ژن بهێنن، هەروەها ئەوانەش کە ژنیان هەبوو پێیان ناخۆش بوو ماڵ و خێزانیان بە جێبهێڵن و بێنە مەیدانی شەرکردن، جا ڤاڵانتاین بە توندی دژی ئەو بریارە راوەستا و بەنهێنی هەڵدەستا لە کڵێسا کورو کچەکانی لە یەکتری مارە دەکرد، لەو کاتەدا ئیمبراتۆر بەمە دەزانێت و فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکا، وە بۆ سووك کردنی سزاکەی ئیمبراتۆر پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکا کە واز لە ئایینەکەی بهێنێت و خودای رۆمانیەکان بپەرستێ.

بەڵام ڤاڵانتاین ئەو داوایە رەتدەکاتەوە، لە ئەنجامدا لە ١٤ شوبات ساڵی ٢٧٠ ز یان ٢٦٩ ز لە سێدارە دەدرێ.

وە هەروەها بەسەرهاتی تریش دەگێرنەوە کەوا لەبەر ئەوە لە سێدارەیان داوە، چونکە هەوڵی ئەوەی داوە یارمەتی مەسیحیەکان بدات، بۆ ئەوەی لە بەندینخانە کوشندەکانی رۆمانیەکان رزگاریان بێت...

هەروەها دەڵێن: بەر لە ( (١٧٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەو کاتەی کە بت پەرستی بە شێوەکی بەر بڵاو لەناو رۆمانەکان بڵاوببۆوە، یەکێك لە قەشەکانیان بەناوی ڤاڵانتاین هەڵدەگەرێتەوە لە ئایینی رۆمانی و دەبێتە نەسرانی، جا دەوڵەتی رۆمان کە ئەمە دەزانێ هەڵدەستن لە سێدارەی دەدەن، ئینجا کە رۆژگار تێپەر دەبێت و رۆمانەکان ئایینی نەسرانی وەردەگرن، لەو رۆژەی کە ڤاڵانتاین لە سێدارە دراوە، دەیکەنە بۆنە و ئاهەنگ دەگێرن، بۆ ئەوەی یادی بە زیندوویی بمێنێت و پەشێمان دەبنەوە لە سێدارەدانی...

کەواتە: لە راستیدا ڤاڵانتاین هەر چۆنێك بێت و بە چ شێوەیەك بەسەرهاتەکەی بگێرنەوە، ئەوەمان بۆ روونەدەبێتەوە کە ڤاڵانتاین کەسایەتیەکی رۆمانسی بووە، هەوڵی ئەوەی داوە خۆشەویستەکان بگەیەنێ بەیەك و دژی زۆرداری راوەستاوە تا لە ئەنجامدا خۆی کردۆتە قوربانی.

جا ئێمە باسی ئەو بابەتەمان نەدەکرد، چونکە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، بەڵام کە تەماشا دەکەین هەندێ لە گەنجەکانی موسڵمان تووشی ئەمە بوونە، بۆیە بۆ ئەوەی

بیروباوەریان تێك نەچێت و تێکەڵی بیروباوەر و هزری بێ باوەڕان و کەسانی تر نەبێت، پێویستە ئەمە روون بکرێتەوە و لە روانگەی ئیسلامدا باس بکرێت.

بەڵێ: ئەم رۆژە و ئەم جەژنە هیچ پەیوەندیەکیان بە موسڵمانانەوە نیە، وە دروست نیە موسڵمان ئەو رۆژە بکاتە جەژنی خۆی و خۆشحاڵی دەرببڕێت، چونکە ئەو رۆژە پەیوەندیەکی بەهێزی بە بیروباوەڕی مەسیحیەکان و رۆمانیەکانەوە هەیە، جا کێ خاوەنی ئەمەیە؟ ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، وە رۆمانیەکان بە ئارەزووی خۆیان خوایان بۆ خۆیان داناوە: (خوای خۆشەویستی، خوای رووناکی، خوای تاریکی، خوای رووەك، خوای باران، خوای دەریاکان، خوای رووبارەکان ... هتد)، بەڵام مەسیحیەکان وەکو باسمان کرد چەندەها بەسەرهات و ئەفسانە باس دەکەن و لە ئەنجامدا ئەم جەژنە بۆ خۆیان دەگێرنەوە، ئەوەی دەیەوێ زیاتر لەمە بکۆڵێتەوە دەتوانێ سەیری ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت بکات لە گوگل ئەنجامێکی باشی بۆ رووندەبێتەوە، هەروەها سەیری سەرچاوە بیانیەکان بکات، لەمانە (دائرة المعارف الكاثوليكية)، (الأعياد الأمريكية: لجورج)، (قصة فالانتاين: لبارت)، (قصص الأعياد العالمية: لهنفري).

لە راستیدا روو لە گەنجانی موسڵمان دەکەین، ئەوانەی جەژنی ڤاڵانتاین ساز دەکەن، پێیان دەڵێین: هۆکاری ئەمە چەند شتێکە:

١ـ مانای بێ هێزی باوەر دەگەیەنێ لە لای موسڵمان.

٢ـ مانای کەمی رۆشنبیری و کەمی بەرچاورۆونی دەگەیەنێت.

٣ـ مانای تێنەگەیشتن لە ژیان دەگەیەنێت.

٤ـ مانای دۆڕانی دەروونی و لە خشتە بردنی مرۆڤەکەیە کەوا بە دروشمی زەق و بریقەداری هەندێ لە راگەیاندنەکان لە خشتە دەچێت.

٥ـ مانای چاولێکەری بێ باوەرەکان و خۆچواندنە بەوان.

جا ئایا هیچ مرۆڤێکی موسڵمان رازی دەبێ کە ڤاڵانتاینی بێت؟

بێگومان نەخێر بەڵام بەقسە و بەکردەوە.

ئینجا لە کۆتاییدا دەڵێین: ئەی مرۆڤی موسڵمان تۆ خاوەن بیروباوەرێکی پاکی، کە هەڵقوڵاوی قورئان و سوننەتی راستی پێغەمبەرە ((درودی خوای لەسەر بێت))، بۆ بیروباوەری خۆت دەگۆڕیەوە بە بیروباوەری کەسانێك کە بیروباوەریان تێك چووە و شێوێندراوە؟، بۆ چاو لە پێغەمبەری خودا ((دروی خوای لەسەر بێت)) ناکەی بۆ چاو لە

کەسانی تر دەکەی؟، خودا دەفەرمویێ: {لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا}{الأحزاب: ٢١}، واتە: لە راستیدا لە پێغەمبەری خودا سەرمەشقی چاکەتان بۆ هەیە، بۆ ئەوانەی هیوا و ئومێدیان بە خودا و بە رۆژی دواییە و ئەوانەی زۆر یادی خودا دەکەن.

جەنابی ڤاڵانتاین ئەگەر هەندێ کاری چاکەشی کردبێت، ئەگەر بۆ دونیای کردبێ، ئەوە پاداشەکەی وەردەگرێ کە خەڵکێکی زۆر بە چاکە باسی دەکەن و ئاهەنگی بۆ دەگێرن، وە ئەگەر بۆ قیامەتیشی کردبێت، ئەوە خۆی و خودای خۆی، ئەو زاناترە لە نیەت و دڵی، بەڵام مانای ئەوە نیە تۆ بێی و چاوی لێ بکەی و بیکەیە رەمزی خۆت، پێغەمبەر ((دروی خوای لەسەر بێت)) دەفەرموێ: ((من تشبه بقوم فهو منهم)){رواه أبو داود وأحمد}، واتە: هەر کەسێك خۆی بچوێنی بە گەل و نەتەوەیەك و لاساییان بکاتەوە، ئەوە لەوانە.

کەواتە: ئەی موسڵمان لاسایی بێ باوەران مەکە، بە تایبەتی لە بیروباوەردا، لە هەندێ شتێکی چاکە و زانست و تەکنەلۆجیادا ئاساییە چاویان لێ بکەی و لە خزمەتی خۆت گەلەکەت بەکاریان بێنی، بەڵام لە بیروباوەرو ئەو شتانەی کە لە ئیسلامدا قەدەغە کراوە دەبێ خۆتی لێ بپارێزیت.

زۆر لە گەنجەکان خۆیان خەریك کردووە بە خۆشەویستی، بەڵام چ خۆشەویستیەك، خۆشەویستی خواو پێغەمبەر نا، بەڵکو خۆشەویستی ئافرەت.

جا ئایینی پیرۆزی ئیسلام خۆشەویستی ئافرەتی حەرام نەکردووە، بەڵام دەست درێژی کردنە سەر خۆشەویستی حەرام کردووە، بەهەر شێوەیەك بێت لە شێوەکان.

کورو کچ کاتێك یەکتریان خۆشبوێ، ئەگەر بۆ مەبەستی خۆشەویستی و عاشقایەتی بێ، بۆ ئەوەی ساتێك لەگەڵ یەکتری راببوێرن و دووربن لەکەس و کاریان و لە هاوسەرگیری شەرعی، ئا ئەوە لادانە لە رەوشتی پاکی ئیسلامەتی، بۆیە ئەوانەی خۆیان خەریك کردووە بەو جۆرە خۆشەویستە درۆو دەلەسەیە، پێویستە بیربکەنەوە لە چارەنووس و ئاکامەکانی کە هیچ بەروبومێکی باشی نیە، تووشی سەرپێچی فەرمانەکانی خودا دەبن، لە کۆتاییشدا رەوشت و رێزیان نامێنێ و دەبنە یەکێك لە قوربانیەکانی خۆشەویستی.

شاعیریش دەڵێ:

وإنما الأممُ الأخلاقُ ما بقيت     فإن هم ذهبت أخلاقهم ذهبوا

هەموو گەل و نەتەوەیەك بەرەوشتی بەرز دەمێنن و بەرەو پێش دەچن، کاتێك کە رەوشت نەما، لەناو دەچن، چونکە بە ئاسانی دوژمن زاڵ دەبێ بەسەریان و لەناویان دەبا.

کەواتە: با ئەو رۆژە بکەینە رۆژی خۆشەویستی بۆ خودا و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بێت و رۆژی خۆشەویستی بۆ دایك و باوك و خێزان و براکان و خوشکەکان و منداڵەکان و گەل و نیشتمان.